Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕەهەندە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی لکاندنی ناوچە کوردستانییەکان بە عێراقی عەرەبییەوە

**پشکۆ حمە تاهیر عبدالرحمان[1]- ماجد خلیل فتاح[2]**

[1]بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی مێژو، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

دەرهاویشـــتەکانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤–١٩١٨ کاریگەریی قوڵی لە ســـەر ئایندەی باشـــوری کوردســـتان هەبو، پرســـیاری ســـەرەکی توێژینەوەکەپرسیارێکیسەرەکییە، لەسەرکاریگەریی ڕەوشـەکە دەدوێت لەسەر کۆمەڵی کوردی، هاوکات ئامانجی سەرەکیشی دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی کاریگەرە بە دابڕانی کوردستانی باشور.

ئەوکـات پرســـەکە لە چوارچێوەی کێشـــەی ویلایەتی موســـڵدا لەنێوان هەریەک لە بەریتانیاو دەوڵەتی عێراق لەلایەک و تورکیا لە لایەکی ترەوە بە قـازانجی عێراق و بەریتـانیا یەکلاییبویەوە. ئەم پرســـە پەیوەندیداربو بە گەلێ پاڵنەری ناوخۆیی پەیوەســـت بە کوردو پـاڵـنەری هەرێـمی و نێونەتەوەییەوە. پاڵنەرە ناوخۆییەکان، پرســـی بیری ناســـیۆنالیســـتی کوردی، ڕەوگە ئاینییەکان، گوتاری پەرتەوازەی کورد و هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە ڕۆڵـی بـیـنـی، لە پـاڵـنەرە هەرێـمـی و نێونەتەوەییەکانیشدا، حساباتی ڕێکەوتنە نهێنییەکانی کـاتی جەنـگ، نەوت و ئـابوری کوردســـتـان، هـاوســـەنگکردنی ئیتنی و ئـایینی عێراق و بەرژەوەندی ســـەرمایەداری خۆرئاوا ڕۆڵی بینی. ئەم توێژینەوە لەســـەر تەواوی پرســـەکەو لایەنە شـــاراوەکـانی دوا بڕیـاری کۆمەڵەی نەتەوەکـان ڕاوەستاوە.

یەکێک لە پرسە هاوچەرخەکانی پێوەندی نێوان کوردی کوردســـتـانی باشـــور و دەوڵەتی عێراق، بریتییە لە پرسـی مێژویی کێشـەی ویلایەتی موسڵ، پاش یەکلابونەوەی ئەم پرســـەو لکاندنی ناوچەکە بەعێراقی عەرەبییەوە، گەلێ دەرهاویشتەی سیاسیی و مێژویی و فەرهەنگی بەســـەر ئایندەی دەوڵەتی عێراق و نـاوچەکەوە جێهێشـــت. لە ڕاســـتیـدا بەتێگەیشـتن لە هۆکارەکانی بڕیارێکی لەم جۆرە کە بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەی نەتەوەکان یەکلابویەوە، دەتوانین لە دەرهـاویشـــتەکـان و کاریگەرییەکانی بڕیارەکەیش تێبگەین.

## کلیلە وشەکان:

ناکۆکی ناوخۆ کورد، کێشـەی ویلایەتی موسڵ، ناوچەی جێناکۆک، ڕێبازە ئاینییەکان، ڕێککەوتنە نهێنییەکان.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper29
**Received:** 18-August-2021
**Accepted:** 13-September-2021
**Published:** 29-March-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
pishko.tahir@univsul.edu.iq
majid.fatah@univsul.edu.iq
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

ڕەهەندە نێوخۆی و هەرێمی و نێونەتەوەییەکانی لکاندنی ناوچە کوردستانییەکان بە عێراقی عەرەبییەوە ناونیشانی توێژینەوەیەکی پەیوەندیدارە بە گەلێ ڕەهەندی نێوخۆیی و هەرێمی و نێونەتەوەییەوە کە تێکڕا بونە مایەی یەکلاییبونەوەی پرسی ویلایەتی موسڵ لە نێوان تورکیا لەلایەک و هەریەک لە بەریتانیاو دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق لەلایەکی ترەوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا گەڕانە بەدوی پرسیارگەلێکدا کە بۆچی هەمان دۆخ و دنیابینی نەتەوەکانی تر نەبویە لەمپەر لەبەردەم دروستبونی دەوڵەتی نەتەوەییدا، هاوکات خستنەڕوی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و ئایینی و مەزهەبی و خێڵەکی کوردە لەمیانی ململانێکاندا، جیا لەوەیش خستنەڕوی ڕۆڵی تایبەتکارەکانی نەتەوەی کوردە بە تایبەتکاری جوگرافی و فەرهەنگییەوە کە تا چ ئەندازەیەک ئامادەییان لە قۆناغەکانی دواتری جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەیە.

بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا کە هێشتا پرسی ناکۆکی نێوان تورکیاو باشوری کوردستان، عێراق و باشوری کوردستان لە گۆڕێدایە، بۆیە پێویستە بە توێژینەوەی زانستی بیسەلمێنین تەگەرەکانی تەریکبون و تەنیا مانەوەی نەتەوەی کورد لە گۆڕەپانەکەدا چی بون؟

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی دو تەوەردا بەوردی شیکاری ڕەهەندی نێوخۆیی و ڕەهەندی هەرێمی نێونەتەوەیی کراوە، لە ڕەهەندی نێوخۆیدا تایبەتمەندی مەزهەبی و نەتەوەیی و هەڵکەوتەی جوگرافی و سیاسیی کوردستان ڕونکراوەتەوە، لە ڕەهەندی هەرێمی و نێونەتەوەیشدا پرسی هاوسەنگی سیاسیی شیعەو سونە و مەزهەب و نەتەوەکانی عێراق ڕونکراوەتەوە، جیا لە کاریگەرییەکانی نەوت و سیمای سیاسەتی باوی ئەوکاتە بەوردی شیکراوەتەوە.

سەرچاوەکانی پەیوەست بەم توێژینەوەیە بریتین لە بەڵگەنامەکانی لیژنەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕێککەوتننامە سیاسییە هەرێمی و نێونەتەوەییەکان، بۆچونی گەڕیدەو کوردناسە بەریتانی و ڕوسییەکانن نامەو تێزە ئەکادیمییەکان، ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو قۆناغە.

توێژینەوەکە بە میکانیزمی میتۆدی مێژویی نوسراوە، تێیدا سەرچاوەو بەڵگەنامەکان شیکراونەتەوە و بەڕیزبەندی مێژویی خراونەتەڕو.

بەگشتی توێژینەوەکە لەگەڵ دەستڕانەگەیشتن بە ئەرشیفی تایبەت و بڵاونەکراوەکان، توانراوە ڕەهەندێکی نوێ بۆ بڕیاری لکاندنی باشوری کوردستان بەعێراقی عەرەبییەوە شیبکرێتەوە.

## تەوەری یەکەم: ڕەهەندی نێوخۆیی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە:

کورد لە ئاستی دیپلۆماسیی و سیاسییدا لاوازبو، وەک پێویست و وەک پێکهاتەکانی تری نێوچەکە نەیتوانی پەیامی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکێتی جوگرافی خۆیی لەچوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا بگەیەنێتە هاوپەیمانان و بەریتانیا. لاوازییەکانی کورد لەم ڕەهەندانەوە بو:

### ١ . نەخوێندنەوەی دروستی پێکهاتەکانی عێراق:

پێکهاتە ئیتنی و ئاینییەکانی ویلایەتی موسڵ ئاڵۆزبون، کورد، عەرەب، تورکمان، ئاسوری، هاوکات پێکهاتە ئایینییەکانیش، تەواو و تژی بە ململانێ و مەیدانخوازییبون، لەم نێوەندەدا ڕاگرتنی هاوسەنگی لە کیانێکی سیاسییدا بەم هەمو پێکهاتە جۆراوجۆرەوە بۆ دیپلۆماسییەت و سیاسەتی بەرایی کورد ئاڵنگارییەکی ئەستەم بو، عەرەبەکان کاری خۆیان کردبو، چون لەمیانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـــــ١٩١٨)دا بەڵێنیان پێدرابو(السورجی،٢٠٠٠:ص٧٣). وەلێ کورد و تورکمان و پێکهاتەکانی دی پرۆژەیەکی هاوبەشیان نەبو تاوەکو ئایندەی پێکەوەژیانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا مسۆگەر بکەن و گرەنتی گەمەیەکی سەرکەوتو بدەنە بەریتانیا.

ڕاستە شێخ مەحمودی دیارترین کارەکتەری کوردستانی باشوربو، خواستەکانیشی لە دیاریکردنی سنوری حکومەتە کوردییەکەدا لە چیاکانی حەمرینەوە دیاری کردبو(کرمانج، ٢٠١٧:ل٨٠). لەوکاتەدا لە عێراق نەک سنورێکی دیاریکراو نەبو، بەڵکو لە (٢٣/ئاب/١٩٢١)دا کە ڕۆژی ڕێوڕەسمی دانانی تاج بو لەسەر مەلیک فەیسەڵی یەکەم، عێراقییەکان تەنانەت خاوەنی سرودی نیشتیمانی نەبون، بەڵکو لەبری سرودی تایبەت بەخۆیان سرودی نیشتیمانی ئینگلیز لیدرا(کرمانج، ٢٠١٧:ل ٩٥)، ئەو خواستەی شێخ مەحمود تا ئەندازەیەک ڕای گشتی بەریتانیایشی لەتەکدابو، بەڵام هەنگاوەکانی بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانی کورد لۆژیکی و زیرەکانەنەبو، کەوایە ڕەوشی نێوخۆی کورد یەکێکبو لەو ڕەهەندانەی کە یارمەتیدەری نەبون بۆ بەدەستهێنانی ئەو خواستە نەتەوەییانە.

پێوەندیی کورد لەگەڵ پێکهاتەکانی عێراق، بەتایبەتی لەگەڵ پێکهاتەی شیعەدا بو، وەلێ ئەوان پلانی خۆیان بۆ عێراقێکی ئیتنی ئامادەکردبو، کە پێویستبو شوناسی عەرەبی و ئیسلامی پێوەبێت. بۆنمونە لە هاوینی ١٩١٩دا ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی ئایینی شیعە چەند نامەیەکیان ئاڕاستەی کەسایەتییە باڵادەستەکان کرد، لەوانە حسێنی کوڕی عەلی (شەریفی مەکە)، شازادە فەیسەڵ، سەرۆکی ئەمەریکا و باڵوێزی ئەمەریکا لە تاران. لە نامەکاندا بە ئاشکرا شوناسی ئەو حکومەت و دەوڵەتەیان وێناکردبو کە گەرەکیان بو لە عێراقدا دابمەزرێت، جیا لەوەیش داکۆکییان کردبو کە دەبێت دەوڵەتێکی (ئیسلامی ـــ عەرەبی) بێت. هاوکات مەرجیان دانابو کە شازادەیەکی عەرەبی بەرپرس لەبەرانبەر ئەنجومەنی نیشتیمانی بەڕێوەی ببات. لەهەموی گرنگتر داوایان کردبو ویلایەتی موسڵ لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بێت. هەرچەند ڕون نەبو، ئایا مەبەستیان تەواوی نێوچە

کوردییەکانیش بوە یان نا؟(کرمانج،٢٠١٧:ل٧٨). بەڵام بەریتانییەکانیش خۆیان لەباڵادەستی شیعە دەبوارد و زیاتر بەلای عەرەبی سوننەدا دەیانشکاندوە(Gelvin, James L :2020:p202). دەبێت لە ئاییندەی ڕەهەندیی ئایینی پێکهاتەی شیعەی سڵیان کردبێتەوە.

ئینگلیز پێش ئەوەی عێراق وەک دەوڵەتێک بناسێت، لە ١٦ی تشرینی دوەمی ١٩١٨دا لەلایەن مێجەرنوئێل نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیا لە عێراق، لەبەردەم سەرای سلێمانیدا، بەفەرمی شێخ مەحمودیان وەک حکمداری کوردستان ناساند(حلمی،١٩٥٦:ل٦١). ئەوە لە کاتێکدا بو، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا عەلی ئیحسان پاشا، لە موسڵەوە حوکمی سلێمانی دابویە دەستی شێخ مەحمود، بەڵام شێخ متمانەی بەتورک نەمابو، بەپێچەوانەوە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی ئینگلیز، سەربازە تورکە پەنگخواردوەکانی سلێمانی، بەمەبەستی ڕادەستکردنی ئینگلیز ڕەوانەی کەرکوک کردن(سەججاددی،١٣٩٥:ل٧٣؛ خواجە،٢٠١٦:ل٤٣) بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە دروست لەم قۆناغەدا، شێخ مەحمود جارێکیتر بەنهێنی لەڕێگەی (ئۆزدەمیر)وە هەڵسا پێوەندی لەتەک تورکەکاندا چێکرد. ئەوکات تورکەکان شێخ مەحمودیان وەک (ڕەئیسی هەیئەی تەمسیلییەی کوردستانی جنوبی) ناساندبو. بەمەیش دەستپێکی نائومێدبونی ئینگلیز لە شێخ مەحمود هاتەگۆڕێ و ئیدی جارێکیتر نەیتوانی بەتەواوەتی متمانەی ئینگلیز بەدەستبهێنێتەوە(حلمی،١٩٥٦:ل١٥٢). کەواتە شێخ مەحمود نە لەگەڵ پێکهاتەکانی عیراق و نەیش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و تورک و عێراق دا نەیتوانی گرەوی گەمەیەکی سەرکەوتو بکات، هاوکات ئینگلیزەکان لە هەژمون و هێزی ڕۆحی و دەسەڵاتی شێخ نیگەران بون، بۆیە هەرزو کەوتنە هاندانی هۆزو تیرەکان دژ بە ناوبانگی شێخ مەحمود و دنەدانیان دژی دەسەڵاتەکانی، بۆ ئەمکارەیش مەبەستیان بو سنوری دەسەڵاتەکەی تەنیا و تەنیا لە سلێمانیدا قەتیس بکەن. ئەوان لەڕاپەڕینی (شێخ سەعیدی حەفید)ی نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ و سەرۆکی تەریقەتی قادریی، کە لەلای خەڵکی لیوای سلێمانی تا موسڵ خاوەنی پێگەی گەورەبون. بۆیان دەرکەوتبو، کە (شێخ مەحمود) دەتوانێ فەرمانڕەوای هەمو کوردستان بێت. چونکە لە کاردانەوەکانی کوشتنی بابی شێخ مەحموددا لە کەرکوک و موسڵ، ئەو مەترسییە هەم بۆ تورکەکان و هەم بۆ ئینگلیزەکان دەرکەوتبو، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بون سنوری دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سلێمانیدا قەتیس بکەن (حلمی: ل ٤٥-٤٧).

**٢. نەبونی گوتارێکی ناسیۆنالیستی یەکگرتوی کوردیی:.** پێش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، کورد خاوەنی گوتارێکی یەکگرتو نەبون، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرترینی بۆچونەکانیان داکۆکیکردن بو لە کوردستانێکی سەربەخۆ(Mari O,Shea,2004:p132) لەوکاتەدا ناسیۆنالیزمی کوردی لەلایەن دو ڕەوتەوە نوێنەرایەتی دەکرا، ئەوانیش ڕەوتی ناسیۆنالیزمی دەرەبەگی و ناسیۆنالیزمی چینی ناوەندبون (Ofra Bengio, 2012:p4) بەگشتی ناسیۆنالیزمی چینی ناوەند بونی خۆیان لەچوارچێوەی گروپ و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان دەبینییەوە، زۆربەیان لە ساتەوەختی بانگەشەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبییەوە، لە ژێر کاریگەریی بەریتانییەکان بون. بۆنمونە لە سلێمانیدا (کۆمەڵەی بەرگری نیشتیمانی) بەسەرۆکایەتی جەمیل

سـائیب دامەزرابو، بەڵام لقی سـەرەكی كۆمەڵەكە لە موسـڵ بو. دیارە زۆرترینی ئەو ڕێكخراوانە بەپشـتیوانی بەریتانیا دامەزران بۆ ئەوەی بەنوسـین و كۆبونەوەی جەماوەری و هەڵوێسـت و هاندانی مەدەنی دژی توركیا بوەسـتنەوە و بانگەشـەی ئەوە بكەن كە ویلایەتی موسـڵ بەشـێكە لە عێراق. لە ماددەی (٢)ی كۆمەڵەكەدا لە سلێمانی هاتبو:" ویلایەتی موسڵ درێژكراوەی عێراقە"، بەڵگە بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە، وەختێك ویلایەتەكە لكێنرا بەعێراقەوە تێكرا ڕێكخراوەكان هەڵوەشـانەوە(الحسـنی، ١٩٨٣،ص٨٤ـــ٨٩). هاوكات ئەم ڕێكخراوە كوردییانە نەبونە پشـتیوانێكی تەواوی بانگەشـە ناسـیۆنالیزمییە فیوداڵییەكەی شـێخ مەحمود، بەڵكو بەشـێكیان كەوتنە نێو پلانی بەرژەوەندخوازیی بەریتانیا، دەكرێت هۆكارەكەی لەو سـۆنگەیەوە بێت كە جۆرێك لە ناكۆكی لەنێوان ڕۆشـنبیران، ئەوانەی دامەزرێنەری ڕێكخراوە كوردییەكان بون لەتەك شـێخ مەحمودا هەبوبێت، هاوكات ڕابردوی سـیاسـەتی كۆنخوازانەی عوسـمانییەكان ترسـی ئەوەیان چاندبو كە توركیاش درێژە بەو ڕابردوە بدات. دیارە ناسـیۆنالیزمی دەرەبەگی درێژكراوەی ئەو ناسـیۆنالیزمە كوردییە بو كە لە سـەدەی نۆزدەدا لە كاردانەوەی فشـاری عوسـمانی و ئێرانییەكان لەسـەر كورد دروسـت تایبەتمەندیی و فۆرمی ناسـیۆنالیزم لە دەسـتپێكی سـەدەی بیسـتەمدا ڕەنگدانەوەی هەبو(Bengio,2012:p4,5). هەرچی كارەكتەری تربون، كە بەشێكبون لە زۆرترینی سەرانی كورد، بەتایبەتی دیارترین ڕێكخراوە كوردییەكان ئامادەنەبون بەهیچ جۆرێك لە بازنەی بندەسـتیی عوسـمانییەكان دەربچن، لە پاش عوسـمانییەكانیش دیسـانەوە لەژێر گوتاری ئاینیانەی مسـتەفا كەمال دژی (پەیماننامەی سـیڤەر)ی ١٩٢٠ وەسـتانەوە. چونكە ئەتاتورك دەرفەتی نەبونی ئایدیایەكی نەتەوەیی پتەو لەلایەك، لەلایەكیترەوە سادەیی و سـاویلكەیی بەشێ لە سـەرانی كوردی قۆسـتەوە، ئەوكاتیش وەك هەمیشـە بەنێوی ئاینی ئیسـلام و برایەتی ئاینی تورك و كوردەوە تەواوی جەنگەكانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەكەی بەهێزی مرۆیی و توانای كورد كرد (نەبەز،٢٠٠٧:ل٧١). پەیمانی سیڤەر لە ٤٣٣ مادە پێكهاتبو، بەندی سێهەم تەرخانكرابو بۆ كوردستان و هەر بەنێوی كوردستانیشەوە بو. كە مادەكانی (٦٢،٦٣،٦٤)ی لەخۆدەگرت (Treaty of Peace Between The Allied & Associated Powers and Turkey). لەم میانەدا دەستپێكی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی تورك، پاش یەكخستنی هێزەكانی ئەنادۆڵ لە كوردستاندا، گەورە پیاوانی ئاینی و سـەرانی سـیاسـی و ڕوناكبیرانی كوردی لە دەوری پرۆژەی توركیای نوێ گردكردەوە. بەمجۆرە پێكەوە لە پێناوێكدا كەوتنە جەنگی هاوپەیمانانەوە، بەمەیش بەشێك لە كورد پشـتیوانییان كرد، بەو هیوایەی لە داهاتودا ئۆتۆنۆمییان پێبدرێت. ئەم ڕەوشـە یەكێك لە هۆكارە كاریگەرەكان بو، كە وایكرد پەیمانی ١٩٢٠ هەروا بەنوسراوی مایەوەو نەهاتە جێبەجێكردن. كورد پێیان وابو بەرزگاربونیان خەلافەت و ئایین دەبوژێتەوە، لە كاتێكدا ئەتاتورك بۆخۆی تۆرانییەكی توند و یەكێك لە توركچییە ڕادیكاڵەكانی نێو كۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی) بو(سـلۆپی،١٩٨٧:ل٥٥)، دیارە ئیتیحاد وتەرەقی، ڕێكخراوێكی سـیاسـیی و ڕۆشـنبیریی توركی بو، لە دەسـتپێكدا لەلایەن خوێنكارانی سـكوڵی پزیشـكییەوە سـاڵی ١٨٨٩دامەزران، كە هەمو پێكهاتە نەتەوەییەكانی توركی تێدابو، ئامانجیان گەڕانەوەی دەستور بو كە سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦ـــ١٩٠٩) لایدابو، ئەمانە دواتر بەتوركە لاوەكان ناسـران و لە سـاڵی ١٩٠٨ دا كۆدەتایان كرد بەسـەر سـوڵتادا و ڕەهەندی توركچییەتییان لە

نیازی نەتەوەییاندا ئاشـــکراکرد(Ravindranathan) 1970:p8-18)، لەلایەکیترەوە لەو قۆناغەدا پێشـــەنگی پێناوە نەتەوەییەکەی کورد لەلایەن (کۆمەڵەی تەعالی کوردســتان) بو، کەچی ئەوانیش لەگەڵ پارتی حوریەت و ئیئتیلاف لەســـەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەر لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوســـمانیدا مافی ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کورد(گیساروف،٢٠٠١:ل٢٤-٢٥).

## ٣. ململانێی ڕەوگە ئاینییەکان:.

لە ســـەرەتای ســـەدەی (١٦)وە خەڵک و خاکی کوردســـتان لە نێوان دو ئایدیۆلۆژیای مەزهەبی و ســـیاســـییدا دابەشـــکرا، پاش جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) و پەیماننامەی زەهاوی (١٦٣٩)لە نێوان عوســـمانییەکان و ئێراندا، ئیدی گورزێکی کوشـــندە بەر یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی کوردســـتان و نەتەوەی کورد کەوت. بەمجۆرە کوردســـتان نە تەنیا لەڕوی بەڕێوەبەرایەتییەوە، بەڵکو لەڕوی ســـیاســـیی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبیشەوە دابەشکرا بو(عەلی،٢٠١٣:ل١٢٩ـــ١٣٠). دیارە پەیماننامەی زەهاو کە بە پەیماننامەی ئاشتی یان موراد پاشـا بەنێوبانگە، بە پەیماننامەی بنچینەیی دابەشـبونی پراکتیکی کوردسـتان دادەنرێت (حمدان، ٢٠١٠: ص٨٢). لەڕاستیدا زۆربەی خەڵکی کورد موسڵمانن و لەسەر مەزهەبی شافعین، بەمەیش لە هەریەک لە تورک و عەرەب جودادەبونەوە، چون ئەوان زۆربەیان ســـوننەی ســـەر بە مەزهەبی حەنەفیین، هاوکات لە تورکە ئازەرییەکانیش جودادەبونەوە، ئەوانیش زۆرترینیان شـــیعەی ســـەر بە ڕێچکانی دوازدە ئیمام بون. لەگەڵ ئەوەیشدا لە باکوری کوردستان ژمارەیەک شیعەی عەلەوی هەن، کە شیعەی دوازدە ئیمام نین، بەڵکو عەلەوین و بە زاراوەی زازایی دەدوێن، هەروەک چۆن لە کرماشـــان و خانەقینیش کوردی شـــیعە بونیان هەیە. بەڵام شـیعەکانی خۆرئاوای کرماشـان و کەرکوکیش دیسـانەوە جیاوازن لە شـیعەی دوازدە ئیمامی و جەعفەریی، بەڵکو ئەمان تایبەتمەندییان هەیەو پێیان دەوترێت (ئەهلی هەق)(جالدیان،٢٠٠٧:ص٣٥-٣٦).

لە سـەرەتاوە ئایین ئامرازێکی ئاسـانی دەسـتی عوسـمانییەکان بو بۆ دابڕانی کورد لە ئێرانییەکان، بەردەوام پاڵپشـــتی شـــافیعی و حەنەفیبونی مەزهەبی کوردیان دەکرد، بەم پێیە یەکەمین دابڕانی نەتەوەیی کورد لەو سیاسەتەدا جیاکردنەوەی شەبەک و ئێزیدی و کاکەییەکانی کورد بو، ئەویش بە بەرنامەیەکی پەروەردەیی ورد کاریان لەســـەر دەکرد. بۆ ئەم مەبەســـتە لەســـاڵی ١٨٩٢ دا قوتابخانەکانی(رشـدیە)، بۆ ئامادەیی و بنەڕەتی لە نـێـوچە کـوردیـیـەکـانـی ســـنـوری مـوســـڵ و کـەرکـوکـدا بـۆ مـەبـەســـتـی جـیـاکـاریـی ئـایـیـنـی کرانەوە(مختارات،٢٠٠٥:ص٦٤ــــــ٦٥). ڕاســـتییەکەی چەمکی ناســـیۆنالیزم درەنگتر لەناو کەمینەو نەتەوە موسڵمانەکان سەریهەڵدا(خۆیبون،٢٠٠٧:ل٩ــــ١٠)، هەریەک لە تورک و فارس لەپاش سەرهەڵدانی کەلتورە باڵا نامەزهەبییەکەیان کە جیاوازبو لەکەلتوری باڵای نامەزهەبیی عەرەب، بەڵکو ئایینیان وەک چەک بەکاردەهێنا، تاوەکو توانییان ببنە دو هێزی ســـەربەخۆی ڕەوا. بۆیە ئەوەی ئەوان ڕەوایەتی ڕاســـتەقینەیان بۆ دەســـەڵاتە سەربەخۆکەیان لێوەوەردەگرت، کەلتورە مەزهەبییە عەرەبییەکە نەبو، بەڵکو ئەو کەلتورە نامەزهەبییە فارسی و تورکییە بو کە بەرانبەر کەلتورە نامەزهەبییە عەرەبییەکە ســـەری هەڵدابو(مســـتەفا،٢٠٠١:ل٥٠١). لەبەرئەوە

تەواوی بزوتنەوە کوردییەکانی نەتەوەی کوردی بندەستی عوسمانی و سەفەوی، تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤ــ١٩١٨)، هەرچەند بە جولانەوەی نیشتیمانی ناودەبرێن و تێکڕایان نیشاندەری ڕوخساری نەتەوەییبون(الدوسکی،٢٠٠٢:ص١٤٩). بەڵام گەر لەو بزوتنەوانە ڕابمێنین بەتایبەت بزوتنەوە نەتەوەییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی (١٩)، مەرجی بزوتنەوەی نەتەوەخوازیی تێرناکەن، جگە لە بزوتنەوە کوردییەکان، کەچی هەمو بزوتنەوە نەتەوەخوازییەکانی تر یەک زمان و یەک شێوازی بڵاوکردنەوەی کەلتوریی و یەک نەزمی ئاینییان هەبو(مستەفا،٢٠٠١:ل٤٨٦).

لە کوردستاندا دو تەریقەتی سۆفیگەریی ڕۆڵی مەزنیان لە ژیانی سیاسیدا دەگێرا، تەریقەتی قادریی تا سەدەی (١٩) باڵادەستترین ڕێبازی سۆفیزم بو لە کوردستاندا(جالدیان،٢٠٠٧:ص٣٨)، سەرەتا ڕێبازی قادریی لە کوردستاندا بڵاودەبێتەوە، ڕێبازەکە لەلایەن دو سەید بەناوی عیساو موسا لە هەمەدانەوە دێنە خواروی کوردستان و ئاشنا دەبن بە کوردە موسڵمانەکان، دامەزرێنەری ڕێبازەکە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە(١٠٧٧ــ١١٦٦)، ئەم ڕێبازە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم تەنیا ڕێبازی سۆفیزم بو لە کوردستاندا. پێش پێدابونی تەریقەتی نەقشبەندی بەتایبەتی لەنێو میرنشینی باباندا تەریقەتی قادریی ببویە مەزهەبی فەرمی میرنشینەکە (برونەسن، ٢٠١١: ل١٣٣)، ئەوانیش لقەکانی ساداتی نەهری و بەرزنجییەکان بون (برونەسن،٢٠١١:ل١٣٣). شێخە فیوداڵەکانی تەریقەتی قادریی توێژێکی کۆمەڵایەتی دورەپەرێزیان پێکهێنابو، ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵەی شێخەکان ئەرکی سەرکردایەتی ئایدیۆلۆژییان بۆ خۆیان پاوانکردبو. تەنانەت خەلیفەی شێخەکانی قادریی نەدەبون بەشێخ، لەم میانەدا نەقشبەندییەکان هاتن ئەم ستراکتۆرە بەستوەیان تواندەوە، تەنیا لە کوردستاندا (٢٥) لە خەلیفەکانی (مەولانا خالید) بون بەشێخ و پاش کۆچی دوایی مەولانا خالید، ئیدی قۆناغی دەرکەوتنی سەرکردەی ئایدیۆلۆژیش دەستپێیکرد. بنچینەی ناکۆکییەکان لەنێوان ئەم دو ڕێبازە هەر لەسەرەتای هاتنی نەقشبەندییەکانەوە بو، چونکە تەریقەتی قادریی ببونە بەشێک لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی بابانەکان و پشگیریی میرەکان بون، لەبەرامبەردا نەقشبەندییەکان وەک سیستەمێکی بەرهەڵستکار هاتنە پێشەوە، بۆیە ئاسان نەبو خەڵک ڕوی تێبکات، ئەمە وێڕای زو بڵاوبونەوەی ڕێبازەکەیش بە کوردستاندا (عەلی،٢٠١٣:ل١٤٣ــ١٤٢). سەبارەت بە نەقشبەندییەکانیش لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەلایەن خالید بەکداشییەوە هاتونەتە کوردستانەوە. ئەم شێخە بەرەچەڵەک کوردی باشوری کوردستانە، لەودەمەدا لەهندستانەوە، لەساڵی (١٨٠٩)ز دا ڕێبازی بانگەوازەکەی وەرگرتوە. ئیدی ئەو لەوێوە برەویدا بەلقێکی نوێ لەڕێبازەکەدا، کە دواتر بە لقی خالیدیی یاخۆ خالدییەی نەقشبەندیی ناسرا، بەگشتیی ڕەوگەی نەقشبەندیی لەباکوری قەوقازەوە تا ئەدەنوسیا زەبرێکی کاریگەرو وروژێنەربو بۆ ڕەوشی کۆڵنیالیزم، کە لەو دەڤەرانەدا دەگوزەرا. نەقشبەندییەکان مانای ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسییان لەبەرامبەر دەسەڵاتە داگیرکەرەکاندا دەنواند(Svante,2015:p44)، هەرچۆنێک بێت ناکۆکی نێوان ئەم دو ڕێبازە لەتەمەی بەهێزی دایە شوێن و کاریگەرییان لەخەباتی نەتەوەیی کوردیدا، دیارە نەقشبەندییەکان ڕابەرایەتی گەلێک لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانیان کرد، بەڵام بەراورد بەوەی کە سەرکردەی ئایدیۆلۆژیی زۆریان تێدا هەڵدەکەوت، نەیانتوانی لەڕوی ئایدیۆلۆژییەوە نەتەوەی کورد یەکبخەن،

هەروەک چۆن ئایدیۆلۆژیای مەزهەبیی (وەهابی)یەکان ڕۆڵی ئەو یەکبونەی لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا، لەنێو ئەو هەمو خێوەتگەر و خێڵە پەرتەوازانەدا خستە ئەستۆی خۆ، ئەوەتا گەورەبون و ڕێکخستنی میرنشینی سعودیە پەیوەندیی پتەوی بە ئایدیۆلۆژیای وەهابیزمەوە هەبو، موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب دامەزرێنەری بیری ئیسلامی و ڕیفۆرمخوازیی وەهابیی لەگەڵ ئەمیر موحەمەد سعود ساڵی ١٧٤٤ ڕێککەوتنێکی مێژوییان کرد، لەو ڕێککەوتنەدا بناغەی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی داڕێژراو سەرەتای قۆناغێکی نوێی دەوڵەتداری سعودیی بۆ زاڵبون بەسەر ناوچەکەدا هاتە کایەوە.( Al Rashed, 2002, p18 )، بەڵام ئایدیۆلۆژیای سۆفیزم لە کوردستان هەرگیز نەیتوانی ببێت بە تەنیا سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی و لە تریبالیزم لابدات(عەلی،٢٠١٣:ل١٤٣). نمونەی ڕەوگەو ڕێبازە سۆفیگەراکانی جیهانی ئیسلامی کە بونەتە هەوێنی یەکخستن و چێکردنی فیدراسیۆنی خێڵەکیی زۆر زۆرن، بۆ وێنە ڕێبازی (سنوسی) لەنێو خێڵە بەراییەکانی خۆرئاوای عەرەبی توانییان چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی دابڕێژن، بەجۆرێک سنوری خێڵییان تێپەڕاند و خۆیان لەو پەرت پەرتییەی هۆزەکان هەیانبو داماڵیی. مارتین ڤان برۆنەسن ئەو ڕەوشە بەراوردەکات بە ڕۆڵی ڕێبازە نەقشبەندییەکانی کوردستان و پێیوایە، ئەوان نەیانتوانی شەڕی خێڵەکی و لاوەکی وەلانێن و بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەیان یەکبگرن"(عەلی،٢٠١٣:ل١١٨ــ١١٩). گەر شۆڕشەکەی (شێخ مەحمودی حەفید) لە باشوری کوردستان وەک نمونە وەربگرین، دەبینین ناکۆکی ڕێبازە ئایینییەکان بەشێک لەشارە مەزنەکانی کوردستانی لێدورخستەوەو نەیتوانی لەبەرامبەر خواستەکانی ئینگلیز بۆ لکاندنی قەڵەمڕەوەکەی بە عێراقی عەرەبییەوە خۆی ڕابگرێت، لەوانە (جاف)ەکان کە گەورەترین هۆزی کوردیی بون و لەڕوی تەریقەتی تەسەوفەوە وابەستە نەبون بە بەرزنجییەکانەوە، بەڵکو زۆربەیان ئارەزویان بەلای نەقشبەندییەکاندا دەچو، بەگوتەی (مارک سایکس) گەورەترین هۆزی نیمچە ڕەوەندی کوردن و لە سنورەکانی عوسمانی و ئێراندا نیشتەجێن، چەندین لقیان لیدەبێتەوە، دیارترینیان هەمەوەندییەکانن.(سایکس:ص٣٨)، بۆیە پشتیوانیی (شێخ مەحمود)یان نەکرد. تەنانەت بۆچون هەیە پێی وایە ئەگەر لاوازی پێگەی بەرزنجییەکان نەبوایە کە وەک ڕێبازی قادریی خامۆش ببون، ئەوا ئەستەمبو شۆڕشەکەی شێخ لاواز بکرایە(عەلی،٢٠١٣:ل١٤٨). هاوکات سایکس نوسیوییەتی:" جافەکان بەوە ناسرابون، کە ئەوروپییەکانیان گەرەک نەبون"(سایکس،٢٠٠٧:ص٣٨). ڕەنگە ئەم هەستەیش هۆکارێک بوبێت کە پشتیوانییان لە پرۆژەی هاوبەشی بەریتانیا وشێخ مەحمود نەکردبێت، لە سلێمانیدا.

هاوکات شێخەکانی بارزان، بەتایبەتی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) پشتیوانی بۆ جوڵانەوەکەی مایسی ١٩١٩ی شێخ مەحمود دەرنەبڕی، تەنانەت بە بەکرێگیراوی بەریتانیایان دەزانین(عەلی،٢٠٠٣،ص٢٨٩). شێخ ئەحمەد بارزانی(١٨٩٢-١٩٦٩) لە بارزان لە دایکبوە، پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی برای لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا سەرکردایەتی بارزانییەکان دەگرێتە دەست، پاش جەنگی جیهانی یەکەم دژی بەریتانییەکان دەوەستێتەوە (بەرزنجی ،٢٠٠٢: ل٨٤ــ١٠٠)، هەرچەند کە دەوترێت شێخ ئەحمەدی بارزانی، هێزێکی زۆری لە هۆزە کوردییەکان کۆکردوەتەوە و لەژێر سەرپەرشتی مەلا مستەفای برایدا و لە ڕێگەی نێوچەی (باڵەک) ویستویانە بچن بە هانای جوڵانەوەکەی شێخ مەحمود لە سلێمانی، بەڵام بە هۆی کەوتنە نێو مەتەرێزی هێزەکانی

بەریتانیاوە دێر گەیشتونەتە سلێمانی، بۆیە وەختێک ئەوان گەیشتون، شێخ مەحمود دەستگیرکراوەو کۆتایی بە جوڵانەوەکەی هاتوە(بارزانی،ب٢،ل٢٢). پێمان وایە هەرکاتێک شـــێخ مەحمود پێوەندی لەتەک ئینگلیز تۆکمە بوبێت، بارزانییەکان دژایەتییان کردوە، چون ئەو هەماهەنگییەی هاوکێشە سیاسییەکەی قۆناغەکە دەیخواست، بارزانییەکان ڕەچاویان نەدەکردو بەردەوام ئینگلیزیان بەنەیار دەزانی. ئەوەتا مەســـعود بارزانی پێی وایە لە کاردانەوەی هەوڵی یارمەتیدانی شـێخ مەحمود، بەریتانییەکان، حاکمی سـیاسـی موسـڵیان لە دژی کورد هاندا، بەجۆرێک لە زۆربەی زەوی و زارەکانی ســـنوری موســـڵ دەریان پەڕاندن و ئاســـورییەکانیان لە شـــوێندا نیشتەجێکردن(بارزانی،ب٢:ل٢٢-٢٣).

لە کاتی پرسی ویلایەتی موسڵدا قادرییەکان، لە سلێمانیدا، وەک شێخی بەرزنجی باڵادەستبون و نوێنەرایەتی خواســتەکانی کوردیان دەکرد، لە بەرانبەر ئەواندا ڕەوگەی ئایینی تاڵەبانییەکان لە کەرکوکدا باڵادەســت بون. هەروەک چۆن بەرزنجییەکان لە سلێمانیدا هەژمونی ئایینی و ڕۆحییان هەبو، ئەوانیش لە کەرکوکدا وەها بون. دیارە بەرزنجییەکان سەر بەماڵباتی سەید موسان، ئەویش سەر بە بابا ڕەسوڵی گەورەن، ساڵی ١٧٩٢ سوڵتان سـەلیمی سـێهەمی عوسـمانی دەسـەڵاتی پیبەخشـییە سـەید تەهای نەوەی شـێخ سـمایلی بەرزنجەو ئیدی نەوە دوای نەوە تا سـەردەمی شـێخ مەحمود بونە دەسـەڵاتداریی سـلێمانی (ئیدمۆندس، ٢٠٠٢: ل١٠٢)، بەگوێرەی بەڵگەنامە عوســمانییەکان ئەم دو ڕەوگە ئاینییە کوردییە پەرێز و پێشــینەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکترییدا پڕە لە پشــێوی و ناکۆکیی نێوخۆیی، بەجۆرێک تاڕادەی تێکچڕان پەیوەندییەکانیان ئاڵۆزبون. لە بروســکەیەکی نێردەی چاکســازییەکان لە کەرکوک موشــیر ئیســماعیل پاشــا، ئەوە ڕوندەکاتەوە کە لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ لێپێچینەوە لە شــەڕو شــۆڕی نێوان تاڵەبانی و بەرزنجییەکان، بەگوێرەی بروســکەکە بەرزنجییەکان لە ٩ی ئەیلولی١٨٨٥دا هەڵســاون بە کوشـتنی ڕابەری تاڵەبانییەکان عەبدولسـەمەد تاڵەبانی، ئەوانیش چەند کەسـێکیان لەملا قۆڵبەســـت کردون(مختارات،٢٠٠٥:ص٣٨)، بۆیە هەندێک لە بۆچونەکان پێیان وایە کە کورد شــــاری کەرکوک لەبەر پێشـــینەی ناکۆکی ڕەوگە ئاینییەکەیان نەبونە پشـــتیوانی شـــێخ مەحمود، ئەوەتا بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەفسـەری سـیاسـیی بەریتانیا (٨٠%)ی خەڵکی کەرکوک ئەوەیان دایە دواوە نێوچەکەیان بخرێتە ژێر دەســەڵاتی مەلیکایەتییەکەی شـێخ مەحمود لە سـلێمانی، ڕەنگە ئەوەیش هۆکارێک بێت، کە ژمارەیەکی کەم لە کوردی کەرکوک هاتنە نێو ڕیزەکانی جوڵانەوەکەی شـــێخ مەحمودەوە، چونکە بۆچونێک هەیە پێی وایە لە کێشـمەکێشـی دەسـەڵاتدا هەمیشـە تاڵەبانییەکان بەچەپی بەرزنجییەکان بون، بۆیە هەرکات بەرزنجییەکان دژ بە بەریتانیا بوبن، تاڵەبانییەکان پشـــتیوانییان لەبەریتانیا کردوە. پێمان وایە ئەم هۆکارە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەســـەر دابڕانی نێوچەکە هەبو بۆ دەوڵەتی عێراق، چون تاڵەبانییەکان پێگەو پەیامی ســـیاســـییان لەجوڵانەوە کوردییەکەدا کەمتر نەبو لەوەی کە شـێخ مەحمود دەسـتی دابویە، ئەوانیش لە بیسـتەکاندا لە تەواوی کفری و کەرکوکدا پێگەی گەورەو کاریگەریان هەبو(علی،٢٠٠٣:ص٢٨٨) .

## تەوەری دووەم: ڕەهەندی نێونەتەوەیی و هەرێمی:.

### ١. مەزهەبی کورد وەک قوربانییەک بۆ هاوسەنگبونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

بەریتانیا نیازی بو لە عێراقدا پێکهاتەی عەرەبی سوننە لە بەرانبەر پێکهاتەکانی تر بالادەست بێت(Ranj,2018:p18) باوەڕیان وابو بالادەستی شیعەکان بەرژەوەندییەکانیان لە نێوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە بەشداریکی کارای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی مایسی١٩٢٠ بون(James,2020:p200) شیعەکان هەرچەند لەسەرەتاوە نەیاری بەریتانیەیکان بون، چون بە پلانی بەریتانییەکان لەسەدەی (١٩) و وەهابییە سونییەکان کەوتبونە ململانێیەکی سەختەوە لەگەڵیان. مستەر هەنڤەر (١٧٣٠ ١٧٣١)ی هەواڵگری بەریتانیا، توانی چاوی بە موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بکەوێت، دواتر لە یاداشتەکانیدا بنەمایەکی تیۆری باسکردبو بۆ ململانێی شیعەو سوننە و ئەو بنەمایەیشی بە جوڵانەوەی وەهابییەکان ئەنجامدا، لەیەکەم کاردانەوەی ئەو هەوڵەی بەریتانیادا لە ١٨٠١ دا جەنگی شیعەو سوننە لە باشوری عێراق هەڵگیرسا، لەو جەنگەدا شاری کەربەلا وێران کراو گۆڕی گەورە پیاوانی شیعەو تەنانەت (ئیمام حوسێن) خاپورکرا (وردی:ص١٩٠)، دیارە سیاسەتی بەریتانیا سەبارەت بە کورد سیاسەتێکی ناجێگیربو، لە دەستپێکدا دەیەویست سەرنجی کورد بۆلای خۆی ڕابکێشێت، هەر ئەمەیش وایکرد کە جیاوازی لە هەڵوێستی شێخ مەحمود لە سالانی جەنگ و کۆتایی جەنگدا بەدی دەکرا، شێخ لەسەرەتای جەنگ لە باشوری عێراق دژی ئینگلیز وەستابو، لە سنورەکانی ئێرانیش ڕوبەڕوی ڕوسیا ببویەوە، بەلام لە کۆتایی جەنگدا بەبێ ڕەچاوکردنی فاکتەری ئایینی، دەیەویست ببێت بەپشتیوانی بەریتانیا (Habibollah,2003:p153) کوردستان پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست، لەڕوی پراکتیکییەوە دابەش ببو: بەشی ڕۆژهەلات هەر لەدەستی ئێراندا بو، بەشی باکوریش لەلای عوسمانییەکان و بەشی ویلایەتی موسڵیش ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلاتی سەربازی و بەڕێوبەرایەتی ئینگلیزدا بو(کۆمەڵەو ڕێکخراو:ل٣٢) .

نیازی تایبەتی بەریتانیا بۆ دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی پەیوەست بو بە هێزە ئەوروپییەکانەوە، کە دەیانەویست بەربەستێک لەنێوان تورکەکانی ئەنادۆڵ و خەڵکی تورک زوانی وڵاتانی ئاسیای ناوەند لە قەفقاز دروست بکەن، بەتایبەت تورکەکانی ئازەربایجان. ئەوەی جێگەی بایەخ بو ئەوەبو کە فرەترینی تورکەکانی ئەنادۆڵ و ئاسیای ناوەندیی سونی مەزهەب بون، لە بەرانبەردا ئازەربایجانییەکان شیعەبون، جیا لە ئازەرییەکان لە ئەستەمبوڵەوە تا پێتەختی قەرقیزستان سوننی مەزهەبە تورکەکان هەژمونیان هەبو. بەریتانیا کە بالا دەست بو، لە یەکێتییەکی بەهێزی موسڵمانە سونییەکان دەترسا. لەبەرئەوە دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی ڕێگربو لەنێوان تورکیا و وڵاتی خودموختاری ئازەربایجانی شورەویی، لێرەدا کوردە سوننییەکان ئەوانیان لە شیعەکانی ئازەربایجان تایبەتمەندتر کردبو، چون بونی وڵاتێکی کوردی تا لەو قۆناغەدا کە بەریتانیا و تەواوی وڵاتانی ئەوروپی پێوەی پەیوەستبون، سودێکی تری ئەوەبو کە لە هێزو توانای تورکیاو ئێران و عێراقی کەم دەکردەوە. بەتایبەتی ئەو دەوڵەتە کوردییە لە ڕۆژهەلاتی تورکیا دا ، کۆماری نوێی

تورکیای لە گەیشتن بە قەوقازو عێراق و سوریا لاواز دەکرد و هاوکات جیاکەرەوەی سنوری نێوان (تورک ـ عەرەب)یش دەبو(السن، ١٣٨٠:ص١٩ــــ٢٠). بۆ ئەم بۆچونە سەرەتا بەریتانیا لە ڕێگەی سەید تەهای نەهرییەوە لە سنورەکانی ئێران و تورکیادا خواستی ئەوەی هەبو کورد سەربەخۆ بێت(علی،٢٠٠٣:ص٣٢٨) ، سەید تەهای نەهری کە بەسەید تەهای شەمزینیش دەناسرا، کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵای نەهری بو، ئەو هەیمەنەیەکی ڕۆحی و ئاینی لەنێو کوردا هەبو، جگە لە کوردی تورکیا، بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە پەیوەندی بەتینی لەگەڵ ئیسماعیل ئاغای شکاک هەبو (البوتاني،٢٠٠٨:ص٨٠). ئەوەبو سەید تەها لە ساڵی (١٩١٩)دا پێوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە کرد و سەردانی بەغدادیشی کرد، هەر لەوێ داوای کوردستانێکی یەکگرتوی کرد، کە دەبو لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا کوردی ئێرانیش بگرێتەوە. بەڵام لە هەنگاوی یەکەمدا بەریتانییەکان پێی ڕادەگەیەنن کە هەرگیز ناتوانن کوردستانی ئێران جودابکەنەوە، بە پاساوی ئەوەی ئەوان لەگەڵ ئێرانییەکان هاوپەیمانی یەکتریین(الحاج،١٩٨٥:ص١٩؛ میکە، ٢٠١٩:ص١٧٧). دواتریش بەریتانیاییەکان بۆیان ڕونبویەوە، کە بونی دەوڵەتێکی کوردی کردارەکیی نییە، تەنانەت بەرنامەی مافی ئۆتۆنۆمی کوردی عێراقیشیان خستە لاوە، چونکە لەڕەوشێکی وەهادا کوردی ئێران بەئاگا دەهاتنەوە و دەبونە گێچەڵ بۆ کوردی ئێران و تورکیاشیان لە دانوستانەکانی ئاشتی فەرامۆشدەکرد، ئەمەیش کارێک بو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا یەکینەدەگرتەوە لە نێوچەکەدا. هەر لەوقۆناغەدا بەدرێژایی چەند ڕێکەوتنێک ئینگلیزو ڕوسیایش کۆک بون لەسەر مانەوەی یەکپارچەیی ئێران، تەنانەت لە کۆنگرەی ئاشتی ١٩١٩ دا (نەسرولدەولە)ی نوێنەری ئێرانییەکان داوای لە بەریتانیا کرد بو کە یارمەتییان بدات تا کوردستانی تورکیایش بخەنە سەردەوڵەتەکەیان. بەریتانییەکان بەتەواوی لایەنگریی یەکپارچەیی ئێران بون، بەبەڵگەی ئەوەی سێر بیرسی کۆکس داوای کردبو ڕاستەوخۆ بەشداریبکەن لە سەرکوتی جوڵانەوە بەهێزەکەی ئیسماعیل ئاغا (سمکۆی شکاک)، کە دواتر هەر بەپلانی بەریتانیاو بەهاندانی کریستانەکان جوڵانەوەکەیان تارادەی توانەوە لاوازکرد(علی،٢٠٠٣:ص٣٢٨ــــ٣٢٩). نیازی نەوتراوی بەریتانیا ئەوەبو کە ئێران وەک دەسەڵاتێکی شیعە مەزهەب لە بەرامبەر دەوڵەتە سوننییەکانی عەرەبدا یە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، کەواتە لە ئەگەرێکی وەهادا بونی دەوڵەتێکی کوردی سوننی بۆ ئێران مایەی گێچەڵ و گرفتێکی ئەوتۆ دەبو. ئەوەتا لە کاردانەوەی ڕاپەڕینەکانی کورد دژ بە ئینگلیز لە سنوری خانەقین و گەرمیان، پەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمز) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بروسکەیەکدا بۆ ڕۆیتەرز نوسیویەتی: "بە لکاندنی باشوری کوردستان بە میسۆپۆتامیاوە ئاشتی لە خانەقین و سلێمانیدا دەچەسپێ، جیا لەوەیش ئەم کارە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، چونکە ئێمە بەرانبەر بە فارس زۆر بەرپرسیارین"(الحاج،١٩٨٥،ص١٥٩)، هاوکات بەردەوام ئێرانیش پشتیوانی خۆی دەردەبڕی بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی عێراق، بەجۆرێک هەردو لا ساڵی ١٩٢٤ ڕێککەوتبون تا پشتیوانی لە جوڵانەوە کوردییەکانی سنوری یەکتریی نەکەن و یاخیبوەکان لە سنوری یەکتریدا ڕادەست بکەنەوە، لەلایەکیترەوە بەریتانیا بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی یەکگرتوی عەرەبیی، هاشمییەکانی لە عێراق و ئەردەندا باڵادەستکرد، بۆ ئەوەی ئەوان وەک پشتیوانێکی بەهێزی خۆی بمێننەوە و هەمیشە ئاتاجیان بە بونی بەریتانیا بێت. بۆیە کوردیشیان خستە نێو ئەم هاوکێشەیەوە، پێیان وابو تەنیا کوردی عێراق لەبەرئەوەی

سوننە مەزهەبن، دەتوانن دەسەڵاتی شا فەیسەڵی هاشمیی لە عێراقدا لەبەرامبەر شیعەی عەرەب هاوسەنگ بکەن، شا فەیسەڵیش بەچەند مانگێک پاش ئەوەی کرایە پادشای عێراق، ڕاستەوخۆ نیگەرانییەکانی خۆی دابویە سێر پرسی کۆکس(اولسن:ص٢٥) . چونکە بەریتانییەکان ئەوەیان لا ڕونبو کە پێکهاتەی ویلایەتی موسڵ زۆرترینیان سوننە مەزهەبن، بەمەش تای تەرازوی سوننەی عێراق لەبەرامبەر شیعەکاندا هاوسەنگ دەبێت(بیل،١٩٨٤:ص١٨٩ـ١٩٠). هەروەها سر ڕونالد لیندزی نوێنەری بەریتانیا لە تورکیا کە ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێککەوتنەکانی کێشەی سنوری عێراق و تورکیا هەبو، داوای لە نوێنەری بەریتانیا لە عێراق کردبو، بەشێک لە ویلایەتی موسڵ بدەنە تورکیا، لە وەڵامدا نوێنەری ئینگلیز نوسیبوی: "کوردی ئەو شوێنانەی کە تورکیا داوایان دەکات لەنگەری هەژمونی بەریتانیان لە عێراقدا، چون بەهۆی ئەوانەوە توانیومانە پەیمانی (عێراق ـــ بەریتانیا) لە ئەنجومەندا تێبپەڕێنین، کەواتە برینی بەشێک لە خاکی کورد، کە بۆ ئێمە وەفاداربون، لە تەواوی عێراقدا بێ متمانەمان دەکات، جیا لەوەیش ژمارەی سوننییەکان کەم دەبێتەوەو شیعەکان زاڵ دەبن". هەربۆیە لەماوەی ساڵانی (١٩٢٣ ـ١٩٢٩)دا نوێنەری بەریتانیا (دابز) کاریگەریی زۆری هەبو تا شیعە لاواز بکات و بەهۆی کوردە سونییەکانەوە پێگەی عێراق لەبەرامبەر ئێران و تورکیا بەهێز ڕابگرێت(اولسن:ص٢٦-٢٧).

کەواتە لکانی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە ئەو ڕاستییەیش پیشان دەدات، کە ترسی مەزنی بەریتانیا زاڵ بونی شیعەی عەرەب بوە، چون لە ڕاپەرینی ١٩٢٠دا زۆر بەسەختی ڕوبەڕوی بەریتانیا بونەوە. بۆیە بەردەوام بەریتانیا ترسی ئەوەی هەبو شیعەکان لە عێراقدا زاڵ بن و دواجار لەگەڵ ئێراندا هاوپەیمانی بکەن و ببنە مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئایندەیان لە نێوچەکەدا(ناوخۆش،١٩٩٩:ل١١).

## ٢. بایەخی جیۆسیاسی و کۆنترۆڵی کێڵگەکانی نەوت لە نێوچەکەدا:.

لە مێژە عێراق جێگەی بایەخێکی گەورەی سیاسەتی خۆرئاواییەکان بوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٤٣دا، کۆمپانیای (ڕۆژهەڵاتی هیندی ـــــ بەریتانی) لە کێبڕکێی کۆمپانیا هۆڵەندی و فەرەنسییەکاندا یەکەم بنکەی بازرگانی خۆی لە بەسرە دا دامەزراند، دواتر لە ساڵی ١٧٥٦، کونسوڵخانەکانی خۆی لە عێراق کردەوە، ئەودەم عێراق وەک ڕێگایەکی سەرەکی لە دیدی سیاسەتی کۆلۆنیکاریی بەریتانیادا تەماشادەکرا (عبدالله،٢٠١٤:ص٤٠٢ـــ٤٠٣). لەسەدەی (١٩)دا هەوڵەکانی بەریتانیا، بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی جیۆسیاسیی و ئابوری و ستراتیژیی عێراق زۆر زیاتربون(کرمانج،٢٠١٦:ل٢٢ـ٢٣)، دیارە نەوت لە مێژوی نێوچەکەدا بەردەوام جێگەی مشتومڕ و ململانێی کۆلۆنیکاریی خۆرئاواییەکان بوە، تەنانەت سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی وڵاتانی خۆرئاوایی لە سەدەی(١٩)دا بەشێکی بنچینەیی لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتییەکان یان ڕێگەخۆشکردن بوە بۆ گەیشتن بە نێوچە نەوتییەکان(دێشنەر،٢٠٠٤:ل٣٢١)، جگە لە سەرچاوە نەوتییەکان بەریتانیا پێی وابو ویلایەتی موسڵ خاڵی پێکەوەبەستنی قاهیرەو (کلکتا)یە، ئەمەیش وادەکات کە ئیمپراتۆریەتەکەی بپارێزێت و هەر بە بەریتانیای مەزن بمێنێتەوە، بۆیە تەواوی بەڵگەکانی ئەو قۆناغە بونی نەوت لە نێوچەکەدا بەپاڵنەری ئامادەیی بەریتانیا دادەنێن لە نێوچەکەدا. ئەم هەوڵانە کاتێک بەریتانییەکانیان دێواند، کە عوسمانییەکان پشک و

جیاوگی نەوتییان لە ١٩١٢دا دایە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان، بۆیە لە پاش جەنگ، دانوستانەکانی تورکیاو بەریتانیا، مەرجی سەرەکییان دابڕانی نێوچە نەوتییەکانی ویلایەتی موسڵ بو لە تورکیا(Al-Jaf,2018:p11). لەم بارەیەوە یەکێک لە وتە بەنێوبانگەکانی چەرچڵ دەرخەری بایەخی بەریتانیایە بۆ ئەو نێوچانەی کە خودانی نەوتن، ئەم وتەیە لە ساڵی ١٩١٣ دا وتویەتی:"پێویستە لە پەنای سەرچاوە نەوتییەکاندا وەک خاوەن ماڵ ڕابوەستین، یاخۆ بەلایەنی کەمەوە بەسەر بەشێک لەو نەوتە دا دەستمان ڕابگات چون ئاتاجمان بە نەوتە"(مجموعه الباحثین،٢٠٠٢:ص١٥٦-١٥٧).

لە دەستپێکی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەریتانیا بەبایەخەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراقی دەدا. لەڕێکەوتنی ئاگربەستی مۆدرۆسی ١٩١٨دا بەشێک لە ویلایەتی موسڵ بە کەرکوکەوە لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیادا بو(مار،٢٠٠٣:ص٣٠). لەم کاتەدا زۆرترینی ئەفسەرە سوننییە عەرەبەکانی نێو سوپای عوسمانی کە خەڵکی موسڵ بون، دایانە پاڵ بەریتانیا، ئەوان کاریگەریی شۆڕشی عەرەبی بەسەرۆکایەتی شەریف حسێنیان لەسەر بو دژ بە عوسمانییەکان(کرمانج:ل٧٨). لەبەرانبەردا هەڵوێستی کوردەکان کە زیاتر نەیاری ئینگلیزبون، بوە هۆکارێک کە پەلەبکەن لە یەکلاکردنەوەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە. لەم میانەدا کۆکس، کە جێگەی ئارنۆڵد ویڵسنی وەک مەندوبی سامی بەریتانی گرتبویەوە، لەگەڵ خانمێک بەنێوی (گێر ترود لوسیان بێڵ)، کە سکرتێری کاروباری ڕۆژهەڵات بو، گروپێکیان پێکهێنا بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی لکانی نێوچەکە بە عێراقەوە (البیاتی،٢٠٠٥:ص١٧٢). بەریتانیا لەم سیاسەتەیدا دەیەویست کوردستان دابەشبێت(السورجی:ص١٧٣)، بۆیە سیاسەتی بەریتانیا دابڕانی هەماهەنگی کوردستانی باشور و ڕۆژهەڵات بو لەیەکتریی(میکە،٢٠١٩:ص١٨١). چونکە بە سەربەخۆبونی کوردستانی باشور لە پارچەکانیتر، بەتایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات گرفتی بۆ دروست دەبو، لەبەرئەوەی ئێران لەوکاتەدا زیاتر لە چوارچێوەی سیاسەتی بەریتانیادا بو، هەروەها پشکی سەرەکی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئێران بەر بەریتانیا کەوتبو. وینستۆن چەرچڵ (١٨٧٤ـــ١٩٦٥) لە ساڵی ١٩١٤دا سەرکەوتو بو لەوەی کە پیشەسازی نەوتی ئێران بخاتە سەر نەخشەڕێگەی خۆی. بەجۆرێک کە ٥١% پشکی ئەو پیشەسازییە بۆ کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆ ـ پێرسیان (APOC) بو(Cohen,1978:p171) . لەم مامەڵەیەدا بەریتانیا بە ئاشکرا دەیەویست هەژمونی خۆی بەسەر کێڵگە نەوتیەکانی وڵاتی فارس و موسڵدا هەبێت. تەنانەت، یەکێک لەو تانەو تەشەرانەی کە زۆرێک لە وڵاتان لە بەریتانیایان دەدا، ئەوەبو، کە پێشێلکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئاشتی مۆدرۆس ١٩١٨، بەهۆی بونی نەوتەوەبوە، چون بە شکانی ئاگربەست، ئینگلیز توانی هەمو ئەو نێوچانەی دەکەونە باشوری زێی خاپور داگیربکات(مجید،١٩٩٧:ص١٤ـــــ١٥)، هاوکات لە ١٩١٩/٨/٩دا لۆرد کرۆزن لەڕێگەی کۆکس، لە تاراندا ڕێککەوتنیان ئەنجامدا، لەسەر بنەمای ئەو ڕێکەوتنە، ئێران بەتەواوی بویە پارێزەری بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بەریتانیا لە نێوچەکەدا(Zirinsky,1992:p641) هەڵبەتە ئێران بەبەردەوامی لە ساڵی ١٩١٤ تاوەکو ڕێککەوتنی ناوبراو، لەلایەن بەریتانییەکانەوە پێویستییە داراییەکانی دابین دەکران. دواتریش دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئێران بە سەرۆکایەتی شای ئێران (ڕەزا شای پەهلەوی) سەرکەوتو بو لە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا(Keddie,2003:P78 )، دواجار دەگەینە ئەو

ئاكامەی كە زۆرترینی سـیاسـەتی بەریتـانیـا لە ململانێكـانـدا لە پێنـاو كۆنترۆڵی كێڵگە نەوتییەكـان بو (Habibollah:P77) ، چون بەریتانیا دەیەویست لەو ململانێ كۆلۆنیكارییە دا سەركەوتو بێـت، دەیەویست بە وابەستەبونی ویلایەتەكە كۆنترۆڵی كێڵگە نەوتییەكان، بەتایبەتی كێڵگە نەوتییەكانی كەركوك بكات و هاوكات بەڕێگایەكی ئاسان، نەوتەكە بگوازێتەوە بۆ ڕێگە نەوتییەكانی كەنداو(السورجی:ص٧٣).

لەسەرەتاوە سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا كلیمانسۆ هەوڵیدا لۆید جۆرجی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ڕازیبكات تا بە ڕێككەوتنی سـایكس بیكۆی ١٩١٦ ڕازیبێت. بەڵام بەریتانیا ویلایەتی موسـڵی كردە مەرج، دواجار لە ڕێككەوتنی نەوتی ٢٤ی نیسـانی١٩٢٠ی سـاین ڕیمۆدا بەجۆرێكی دیكە نێوچەكەیان دابەشـكردەوە و ویلایەتی موسـڵ درایە بەریتانیا، بەمەرجێ برێ لە ئیمتیازی نەوتی نێوچەكە بدرێتە فەڕەنسـا (Habibollah:P85).

مێژونوسـی ئینگلیزی(توینبی) لەو كاتەدا سـەردانی توركیای كردبو، بۆیە زۆربە وردی پێداگریی توركیا و هەڕەشـەكانی تورك بۆ دەسـتبەردارنەبونیان لە ویلایەتی موسـڵی باسـكردوە و نوسـیویەتی كە توركەكان نەیاری دابەشـبونی كوردسـتان بون، چون نیازیانە ویلایەتی موسـڵ بەشـێك بێت لە ئەنادۆڵ(حسـێن:ل٣٥٢). بۆیە بەریتانیا بە تایبەتی سیاسـەتی چەرچڵ لە دوای پەیمانی لۆزاندا پێویسـت بو مامەڵە لەگەڵ توركیادا بكات و كاری سـەرەكیشـی بریتیبو لە دیاریكردنی سـنوری عێراق و توركیا، بۆ ئەم مەبەسـتە، مسـتەفا كەمال بە دەزگـای هەواڵگری بەریتـانیـای ڕاگەیـانـدبو، هەرگیز بیر لە هێز نـاكەنەوە بۆ ئەوەی ویلایەتی موسـڵ بە دەسـتبهێنن، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ كە توركیا بێ هیوابوبێت لە ویلایەتی موسـڵ، بۆیە زیاتر چاوی لە ئەنتاكیاو ئەسـكەندەرونە بو، دەیزانی ناتوانێ لە ویلایەتی موسـڵ دەسـكەوتنی هەبێت، تەنیا دەیەویسـت سنورەكانی پارێزراو بن(ئۆڵسـن،١٩٩٩:ل١٣٦). پێمان وایە مەبەستی توركیا لە ئاسایشی سنورەكانی، ئەوەبوە كە نێوچەكە نەدرێتە دەست كورد، بەڵكو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بێت.

هاوكات لە دیدی عیراقی و بەریتانییەكاندا نەوتی موسـڵ مەسـەلەی ژیان یان مردنبو، هەرچەند بەریتانیا جەختیدەكردەوە، كە نەوت پەیوەندی بەكێشـەی ویلایەتی موسـڵەوە نییە، بەڵام ئەوە تەنیا پاسـاوێك بو بە وڵاتانی خۆرئاواو و ئەمەریكای دەدا(ئۆڵسـن،١٩٩٩:ل٣٨٨). دیارە لەو قۆناغە دا ئەمەریكییەكان لەگەڵ توركیادا لە هەوڵی ڕێككەوتن بون تا پشـكیان لە نەوتی ویلایەتی موسـڵ هەبێت، ئەمەیش بوە هۆكارێك كە دێرتر كێشـەكە یەكلابێتەوەو چەند سـاڵێك بخایەنێت(ئۆڵسـن،١٩٩٩:ل٤٠٣). هاوكات ئەمەریكا لە سـەرەتاوە دژی ئینتیدابی بەریتانیا بو لەسـەر عێراق، چون داوای دەكرد دەبێت هاوتای كۆمپانیا فەڕەنسـی و بەریتانییەكان بەشداربێت لە پشكی نەوتییدا(مجموعە الباحثین،٢٠٠٢:ص٦٠٧)، ئەم بۆچونە لەڕاستییەوە نێزیكە، چون فشاری توركیا لەو قۆناغەدا لە ئاستێكدا نەبو كە هێندە بەریتانیا سەرقاڵ بكات بەو پرسەوە، هەرچەند كە ئەمریكییەكان بۆخۆیان خاوەنی نەوت بون و (٨٠%)ی نەوتی بەریتانیا لەلایەن ئەوانەوە دابین دەكرا، ئەوە لەكاتێكدا بو كە ڕكابەری مەزنایەتی یەكتریش بون لە نێوچەكەدا(ئاندرسن،٢٠١٣:ل٤١).

بە گشـتی هۆكارەكانی پشـت بەریتانیا بۆ وابەسـتە بونی ویلایەتی موسـڵ بە عێراقەوە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕو:-

١. ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر بەدەستهێنانی نێوچەکە، کە لە سەدەی (١٩) و دەستیان پێکردبو.

٢. بایەخی جیۆپۆلەتیکی نێوچەکە بۆ بەریتانیا.

٣. هۆکاری ئابوری و نەوت.

٤. گەڕان بەدوای شوێنەوارو پاشماوە شوێنەوارییە زەنگینەکانی نێوچەکە.

٥. فاکتەری ئایینی بۆ مەبەستی (تەبشیر)، بەتایبەتی لە ویلایەتی موسڵدا بونی کەمینە مەسیحییەکان هاوکارێکی باشی ئەو پرۆسەیە بون.(بڕوانە: مجموعة الباحثين،٢٠٠٢:ص٢٢٨)

## ئەنجام:

١.دەرهاویشتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و ڕێککەوتنە نهێنییەکانی کاتی جەنگ کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پرسی کێشەی ویلایەتی موسڵ هەبو.

٢. بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەهۆکاری نەبونی گوتارێکی یەکگرتوی ناسیۆنالیستی، نەخەملێنی هەستی کوردبون، جیاوازی و ناتەبایی ڕەوگە ئاینییەکان، نەیتوانی ڕێگە لە پلانە نێونەتەوەییە بەرژەوەندخوازییەکانی بەریتانیا بگرێت.

٣. کێشەی باشوری کوردستان پەیوەندیداربو بەگەڵێ پرسی سیاسیی نێونەتەوەییەوە، بە جۆرێک بەریتانیا ناوچەکەی کردە قوربانی ئایندەی عێراقێکی هاوسەنگی ئیتنی و یەکگرتو.

٤. پرسەکە بەتەواوەتی یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵکو لە ئەجێنداو ئەندێشەی سیاسیی تورکیادا کارتێکی فشاری ئایندەی دورمەودای سیاسەتەکانییەتی.

# Internal, Regional and International Distances of Adherence of Kurdish Regional to Arabic Iraqi

**Pshko Hama Tahir AbdulRahman**
History Department, College of Humanities Science, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** pishko.tahir@univsul.edu.iq

**Majid Khaleel Fattah**
History Department, College of Humanities Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** majid.fatah@univsul.edu.iq

**Abstract:**

The consequences of WW1 1914-1918 have repucations on south Kurdistan. Research question is the central question of the study that focus on what is impact on Kurdish society at that time.

The aims researh demonstrate unclear aspects on isolation of southern Kurdistan.

At That time the case in the framework of Mousl state between Britain and Iraqi state in one hand and Turkey in another hand is settled in benefit of the Iraq and Britain. This case is relevant with some internal and international motives. The internal ones: the case of Kurdish Nationalism, religions approach , the scattered speech of Kurdish and geographical situations while in terms of regional and international motives the secret agreement during war , oil and economy of Kurdistan ,the balancing of ethnic and religions of Iraq and the beneficiaries and capitalism of Europe has played a key role . This investigation has centered on the entire case and it's potential of final decision of group of nations.

**Keywords:** Kurdish Internal Dispute, Mosul Vilayet Question, Disputed Areas, Religious Doctrine, Secret Agreements.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەد خواجە: چیم دی، ب(٤-١)، بنکەی ژین،چ٣، سلێمانی،٢٠١٦.

جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٢٩-١٣٠.

جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، و:کوردۆ، چاپخانەی منارە،چ٣،هەولێر،٢٠٠٧.

ڕۆبەرت ئۆلسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران (کوردستان ١٨٨٠-١٩٢٥)، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای نیگا، سلێمانی،١٩٩٩.

ڕەفیق حلمی:یادداشت کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، ب١، مطبعەی مەعاریف، بەغداد،١٩٥٦.

شێرکۆ کرمانج: شوناسی عێراق، ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

عرفان مستەفا:بونی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفەو سۆسیۆ پۆلەتیکدا، چ١،چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠١،ل٥٠١..

عەلادین سەجادی: شۆڕشەکانی کورد، کوردو کۆماری عێراق، انتشارات کردستان، سنندج، ١٣٩٥.

کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردو وەزارەتی بەریتانیاو فەرەنسا: و: نەجاتی عەبدوڵا.

کۆمەڵەی خۆیبون: قەتڵ و عامی کورد لە تورکیا، و: نەجاتی عەبدوڵا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٧،ل٩-١٠.

گوێنتەر دێشنەر: کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، چاپخانەی کەمال،چ٣، هەولێر٢٠٠٤،ل ٣٢١.

گیسارۆف، ا.ا. ڕگوشین: کوردی تورکیا، و: جەلال تەقی، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی،سلێمانی،٢٠٠١،ل٢٥،٢٤.

هردی مهدی میکە:سیاست ایران در قبال کرد، چاپخانە سرا، چ١، سلیمانیە، ٢٠١٩، ص١٨١.

ألمس بيل: مذكرات المس بيل، ت : جعفر الخياط، بغداد، ١٩٨٤.

جابر ابراهيم الراوي: مشكلات حدود العراقية الايرانية والنزاع السلاح،دار الشؤن الثقافيه العامة، بغداد، ١٩٨٩.

جيرارد جالديان: المأساة الكردى، ت: عبدالسلام النقشبندى، دار اراس،ط١، اربيل، ٢٠٠٧.

سوسن صبيح حمدان:اثر العلاقات الحدودية بين العراق وايران، مجلة ديالى، عدد٤٦، ٢٠١٠.

رابرت السن: مساله كرد و روابط ايران و تركيه، ت: ابراهيم يونسى،ض١،تهران،١٣٨٠،ص١٩،٢٠.

زنار سلۆپي: في سبيل كردستان، مذكرات، ت:ر.على، رابطة كاوه، ١٩٨٧.

عبدالفتاح على البوتاني: وثائق بريطانية عن تشكيل دولة الكردية مستقلة ١٩٢٤.١٩٢٧، مطبعة خانى، دهوك،٢٠٠٨.

عبدالرحمان ادريس البياتى: الشيخ محمود الحفيد و النفوس البريطاني في كردستان العراق، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.

عبدالرزاق الحسنى: تاريخ الاحزاب السياسية العراقية ١٩١٨١٩٥٨، مركز الابجدية للطباعه والنشر،ط٢، بيروت،١٩٨٣.

عثمان على: دراسات في الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣ ١٩٤٦، تفسير، اربيل،٢٠٠٣.

عزيز الحاج: القضية الكرية في العشرينات،ط٢،موءسسة العربية للنشر، بغداد،١٩٨٥،ص١٩.

على وردى: لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث،ج١، ص١٩٠.؛ الجاسوس البريطاني الذي أسس الوهابية. المسترهنفر/http www.tariq-karbala.net/?id=

فيتى مار:تاريخ العراق المعاصر ١٩٢١.٢٠٠٣،ت:مصطفى نعمان احمد، دار ومكتبة اوراق،بغداد، ٢٠٢٠.

كاميران عبد الصمد احمد الدوسكى: كردستان العثمانية في النصف الاول من القرن التاسع عشر ، دار سپيرز، ط١، دهوك،٢٠٠٢.

كمال مجيد : النفط والاكرا، دراسه العلاقات العراقية ،الايرانية، الكويتية، لندن، ١٩٩٧.

مارك سايكس: القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ت: د. خليل على مراد،دار الزمان، موصل، ٢٠٠٧.

مجموعة باحثين: المفصل في تاريخ العراق المعاصر، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢.

مجموعة باحثين: كركوك مدينة القوميات المتاخية، طبع مركز كربلا للبحوث والدراسات، لندن،٢٠٠٢.

مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، ت:د. خليل على مراد، م:بعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٥.

نجم عمر السورچى: مصير ولاية الموصل (كردستان الجنوبية) ما بعد عام ٢٠٠٠، ط٢، سليمانية، ١٩٩٩.

Cohen, Stuart: Mesopotamia in British Strategy, 1903-1914, in: International Journal of Middle East Studies, 9/2 (1978).
Gelvin, James L: Op.Cit, p200-201.
Gelvin, James L: The Modern Middle East, A History, Oxford University Press, USA, New York, 2020.
Habibollah Atarodi: Op.Cit,p153.
Habibollah Atarodi: Op.Cit.
Keddie, Nikki R: Modern Iran, Yale University Press, 2003.
Madawi Al Rashed: Ahistory of Saudi Arabia, Cambridge university press, 2002.
Maria T Shea: Trapped between the map and reality geography and perception of Kurdistan,routledge new york and London, 2004.
Michael Zirinsky: Michael Zirinsky: Imperial Power and Dictatorship: Britain and the Rise of Reza Shah, 1921-1926, Middle East Stud, 24,United States of America, Boise State University, (1992).
Ofra Bengio :The Kurds of Iraq: Building a State within a State, Boulder, CO: Lynne Rienner, 2012.
Ranj Alaaldin : Sectarianism, Governance,and Iraq's Future, Brookings Doha Center Analysis Paper, Doha, 2018,p18.
Ranjdar Azeez Al-Jaf: BRITISH PO LICY TOWARDS THE GOVERNMENT OF THE MOSUL VILAYET 1916-1926, School of History, Politics & International Relations, University of Leicester,2018,p11.
Svante E. Cornell & M. K. Kaya: The Naqshbandi-Khalidi Order and Political Islam in Turkey,CurrentTrends in islamist ideology,volume 19,Hudson Institute,2015.
Tachat Ramavarma Ravindranathan: The young Turk Revolution July 1908 To APRIL 1909, Unpublished Thesis of master, department of history, Simon Fraser university, 1970.